شێعری تۆماس ترانسترۆمر= Tomas Tranströmer

وەرگێران لە سوێیەوە ڕەحمانی سۆفی/ سوێد

## لە دلتای نیلدا

لاوەخاتونێک، بە سەر خواردنەکەیدا دەگریا

دوای ڕۆژێک لە شارە، لە هوتێلێکدا،

خاتوون چەن نەخۆشی هاتە بەرچاو،

نەخۆش گاگۆلکەی جێگیر دەبوون

منداڵگەلیش دەبوو لە تەنگانەدا بمرن

خاتوون لەگەڵ مێردەکەی چوونە ژوورەکەیان

مرۆڤ ئاویان دێنا و پیساییان بنبەست بکەن

ژن و مێرد چوونە سەر تەختی خەو

خەوێکی قوڵ چاوی خاتوونی داگرت

پیاوەکە ڕاکشاو، خەوی زڕا بوو

لە تاریکایی دەرەوە، ئاژیرێکی پڕدەنگ تێپەڕی

وزەوز، تەپەی پێ، هاوار، گۆرانی،

چاو وەرچەرخان،

خەڵکی لەبەر تەنگانە ڕایان دەکرد

ئەو وازە هەرگیز ڕاوەستانی بۆ نەبوو

پیاوەکە چەماوە، گرمۆڵە خەو بردییەوە

لە زیندە خەودا، خەونی دەبینی

لە خەونیدا لە سەفەرێکی دەریایدا بوو

لە ئاوی لیخناو، جوولانەوەیەک پەیدا بوو
دەنگێک کوتی:«کەسێک هەیە خێرخوایە
کەسێک هەیە دەتوانێ هەموو شتێ ببینێ
بێ ئەوەی ڕقی لە هیچکەس بێ»

## مەلەوانێکی ڕەش سیما

لەمەڕ نیگارێکی بەر لە مێژوو
لە سەر تاشەبەردێک، لە وڵاتی سەحرا
مەلەوانێکی ڕەش سیما،
لە ڕووبارێکی لەمێژینەدا، کە لاودێتە بەرچاو
بە بێ چەک و بێ پلانێکی درێژماوە
بێ تاڵووکە، یان حەسانەوە
لە سێبەرەکەی خۆی جیا بووەتەوە
لە سەر تۆفانەوە دەخزێ بۆ بناوان
مەلەوان تێدەکۆشێ خۆی ڕزگار بکا
لە وێنەیکی سەوزی خەواڵوودا
دەیەوێ بە لێواری وشکانی بگا، و
لەگەڵ سێبەرەکەی خۆی یەککەوێ.

## ویرەویر و گازەندە

نووسەر پێنووسەکەی وەلا نا

پێنووس لە سەر مێزەکە ئەهۆنی گرت

و لە بۆشاییدا پشووی ئەدا

نووسەر دیسان قەڵەمەکی وەلانا، و

لە ڕادە بە دەر تێڕاما

نە ئەوە بتوانێ بنووسێ، نە ئەوە بێدەنگی لێ بکا

وا، وێدەچوو بەهۆی ڕووداوێکەوە

کە لە دوو ڕووی دابێ لە پەلوپۆ کەوتبێ

سەرەڕای تەپەی ئەو هەگبە ڕەنگینەی

کە ئاوێتەی ترپەی دڵی دەبوو

لە دەرەوەی پێش هاوین،

لە سەوزەڵانییەوە فیکە فیک دەهاتە گوێی

جا، فیکەی مرۆڤ بوو یان مەلی کێوی؟

داربڵاڵوک لە گوڵ کردندا،

چەپڵەی بۆ لۆرییە گەڕاوەکان لێدەدا

حەوتوو دوای حەوتوو تێ دەپەڕێ

شەوێکی هێدی دادێی

پێوەرەکانی لە چوارگۆشەیکدا دەوێستن

وەردە برووسکی ڕەنگبرووسکاو بۆ گەردوون دەنێرنێ.